**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٤٧٨١ لە ٢٠٢٣/٧/١٠**

پاڵپشــت بە ئەحکامی ماددەی (٣٢) لە یاســای کار ژمارە (٧١)ی ســاڵی ١٩٨٧ و لە ژێر رۆشــنایی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمـارە (١٧٢) لە ٢٠٢٢/٩/٢٠ وە بەپێی ئەو دەســـەڵاتەی کە پێمـانـدراوە ، ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**هەموارکردنی یەکەمی ڕێنمایی ژمارەی کرێکاری بیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ماددەی (١):**

هەموارکردنی **ماددەی چوارەمی** ڕێنماییەکە ، و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

**ماددەی (٤) :** ئەو کرێکارە بیانییانەی کە پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە هاتوونەتە هەرێم لە ماوەی **(٩) نۆ** مانگ لە جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان کاروبارەکانیان ڕێکدەخرێت ٠

**ماددەی (٢) :**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) ، جێبەجێ دەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**